# سەرژمێری پارێزگای حەسەکە ساڵی 1962 لە ڕۆژئاوای کوردستان
# (هۆکار و ئەنجامەکانی)

(PP 130 - 143)

**د. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر** **م.ی. نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر**

زانکۆی سەحەلاددین / هەولێر - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

**مـێژووی وەرگـــرتن: 2016/12/12**

**مێژووی پەسندکردن:2017/01/09**

**پوختە**

سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم، دەسەڵاتدارانی سوریا لە ڕۆژئاوای کوردستان تەواوی هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی جیاکاری نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان، کە سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری گرتەوە. لێرەشدا لە ڕێگای پرۆسەی سەرژمێری لە پارێزگای حەسەکە لە 5ی تشرینی یەکەمی 1962 کارکردن بە تۆماری کۆن هەڵوەشایەوە و ناسنامەی دانیشتوان پێداچوونەوەی بۆ کرا، ئەنجام لەم ڕێگەیەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکان لە ڕەگەزنامەی سوری بێ بەش بوون. جێگای ئاماژە بۆ کردنە بەڕێوەچوونی ئەم سەرژمێرییە هەر لەسەرەتاوە بە شێوەیەکی تۆکمە و پتەو لە لایەن دەسەڵاتدارانی سوریا پلانی بۆ کێشرابوو، بۆیە لە دواجار توانیان ئەو ئامانجەی خۆیان بپێکن کە مەبەستیان بوو.

قسەکردن لەسەر بەرنامەی کاری سەرژمێرییەکە و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی و ئەنجام و کاریگەرییەکانی، ئامانجی ئەم توێژینەوە ئەکادیمییەکە، کە توێژەر دەوێت لە ڕێگە پشت بەستن بەسەرچاوەکاندا زانیارییەکانی پشت ئەستوورتر بکات، بۆ ئەوەی لە دواجاردا ئەنجامێکی ئەوتۆ لە بارەی سەرژمێرییەکە بخاتە بەر دیدی خوێنەران.

## پێشەکی

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر سەرژمێری پارێزگای حەسەکە ساڵی 1962 لە ڕۆژئاوای کوردستان و دیاریکردنی هۆکار و ئەنجامەکانی گرنگ و بایەخی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم سەرژمێرییە ڕووداوێکی گرنگ و کاریگەرە لەم بەشەی کوردستاندا، کە تێدا بە هۆیەوە نزیکەی 150000 کەس لە کوردەکان، مافی ڕەگەزنامەی سوریان لێسەندرایەوە. ئاشکرایە لە سەرچاوەکاندا زانیاری لە بارەی چۆنییەتی سەرژمێرەییەکە بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە دووتوێی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆدا و لە هۆکار و ئەنجام و کاریگەرییەکانی بە وردی نەکۆڵدراوەتەوە، بۆیە ڕەنگە ئەوە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بێت.

ئەڵبەتە توێژینەوەی زانستی لەم شێوە بابەتە، ئاستەنگ بۆ توێژەر دێنێتە پێشەوە، وەك کەمی سەرچاوە و بەڵگەنامەی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمی سوریا و بە ئاسان بەردەست نەکەوتنیان. بەڵام وێڕایی ئەوانە بە سەرنج و وردبوونەوە لە زانیاری نێو سەرچاوەکانی بەردەست و شیکردنەوەیان توانرا توێژینەوەکە بە ئەنجام بگەیەنرێت، کە لە پێشەکی و سێ تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە.

1 – لە تەوەری یەکەمدا ئاماژە بۆ سیاسەتی دەسەڵاتدارانی سوریا کراوە بەرانبەر بە ناوچە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەت لە دوای سەربەخۆی ساڵی 1946 تا ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری پارێزگای حەسەکە ساڵی 1962.

2 – ئەم تەوەرە تایبەتە بە باسکردنی سەرەتای بیرکردنەوە لە پرۆسەکە و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی، لەگەڵ ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی کە بە شێوەیەکی فەرمی بۆ پرۆسەکە دەرچووێنراون.

3 – لە تەوەری سێیەمدا ئەنجام و کاریگەرییەکانی پرۆسەی سەرژمێرییەکە لە هەموو ڕووەکانەوە شەنوکەو کراوە.

لە ئەنجامدا ئاماژە بۆ ئەو ئەنجامگیرییە دەکرێت، کە توێژەر لە چوارچێوەی توێژینەوەکە پێی گەیشتوون.

بۆ ئەم توێژینەوەیە پشت بە ژمارەیەك سەرچاوەی جیاواز بەستراوە و بۆ پشت ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان سوودیان لێ وەرگیراوە وەك: یەکەم: کتێب، کتێبەکان هەمە جۆرن و بە زمانی کوردی، عەرەبی، ڕێنووسی لاتینی نووسراون و هەموویان بە یەکەوە بۆ توێژینەوەکە گرنگ و بە بایەخن، لە نێویاندا دوو کتێبەکەی علي صالح ميراني "الحركة القومية الكوردية في كوردستان – سوريا" و "سياسة التمييز القومي و حملات التعريب الحكومة في كوردستان – سوريا 7 اب 1928 – 5 تشرين الاول 2008" سوودیان بۆ توێژینەوەکە زۆر بوو. دووەم: دیمانەی ژمارەیەك کەسایەتی ئاگادار و نزیك لە ڕووداوەکان، ئەمانیش سوودی بۆ

شیکردنەوەی ئەو زانیارییانە هەبووە کە لە سەرچاوەکاندا باس نەکراون. سێیەم: نامەی زانکۆی و توێژینەوەی ئەکادیمی گرنگیان لە سەرچاوەکانی دیکە کەمتر نییە، بە تایبەت تێزی دکتۆراکەی د. اسماعیل محەمەد حصاف کە بە ناونیشانی "پرسی کورد لە پێوەند نێودەوڵەتییەکان لە دوای جەنگی دووەمی جیهان" و چوار توێژینەوەی ئەکادیمییەکەی، کە تایبەتن بە ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان. چوارەم: گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەری ئینتەرنێت، ئەوانیش بەشێك بوون لەو جۆرە سەرچاوانەی، کە توێژەر زانیاری لێوەرگرتن و بۆ توێژینەوەکە بەکاری هێناون. ئیدی ئەوانە و ژمارەیەك سەرچاوەی دیکە بۆ ئەم توێژینەوە جێگای بایەخبوون، کە لە ڕیزبەندی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە.

بۆ شێوازی نووسینی توێژینەوەکە و ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکان، توێژەر لەبەر ڕێنمایی گۆڤار، شێواز و سیستمی هارڤاردی بەکارهێناوە، لەمەشدا لە ئاماژەکردن بۆ ناوی نووسەری سەرچاوەکان، ناوی سێیەمی وەرگرتووە و دواتریش ساڵی چاپ و ئینجا لاپەڕەی سەرچاوەکەی نووسیوە و ئەمەیان بۆ گۆڤارەکانیش ڕاستە، بەڵام بۆ ڕۆژنامەکان تەنیا ئاماژە بە ناوی ڕۆژنامەکە و ڕۆژی دەرچوونی کراوە و لاپەڕەکەی ئاماژەی بۆ نەکراوە. جگە لە وانەش بۆ دیمانەکان و ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت ناوی سێیەم لەگەڵ ڕۆژ و مانگی و ساڵدا ئاماژەی بۆ کراوە.

دیارە ئەم توێژینەوەیە لە کەلێن و کەموکوڕی بە دوور نییە، بۆیە دەخوازین بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و زانستیانە لێی بڕوانرێت و توێژەری لێ ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر و گونجاو بخرێتە بەر دیدی خوێنەران.

**1 – سیاسەتی حکومەتەکانی سوریا بەرانبەر بە ناوچە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان**

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 -1918) وڵاتە زلهێزەکان لە سەروو هەموویانەوە بریتانیا و فەرەنسا لە میانەی ڕێککەوتننامەی سایکس - پیکۆی ساڵی 1916 لەسەر دابەشکردنی پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکە لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتبوون. دواتریش بە پێی کۆنگرەی سان – ریمۆ ساڵی 1920 ناوچەکانی سوریا بوون بە بەشێك لە ناوچەی ئینتدابی فەرەنسی، لەگەڵیشدا ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی پێوە لێکنرا و خرایە سەر سنووری ئەو دەوڵەتە تازە دروستکراوەی کە ناوی نرا سوریا. بەمەش سوریا ماوەی نێوان ساڵانی (1920 – 1946) لە ژێر ئینتدابی فەرەنسی مایەوە (حصاف، سیاسة الاستعمار الفرنسي، 2016، ص ص 65 – 56 ؛ فوکارۆ، 2012، ل ل10 - 37).

ساڵی 1946 سوریا سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێنا و حکومەتێکی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی شوکری قوەتلی[1] پێکهێنا (العدول و اخرون، 1986، ص 172). حکومەتی تازە دامەزراو لە لایەن باڵێکی نەتەوەیی عەرەبی و نەتەوەیی سوری بەڕێوەدەبردرا. بەمەش هەر لە سەرەتاوە دەستیان کرد بە هەوڵدان بۆ دورخستنەوەی کوردەکان لە جومگە سەرەکییەکانی حکومڕانیدا و تەنانەت ئەو مافانەی کە کورد لە سەردەمی ئینتدابیش بە دەستیان هێنابوو، لێیان سەندرایەوە (نەبەز، 1985، ل 222؛ ڕێناس، 1990، ل 81).

خراپی ڕەوشی ناوخۆی سوریا بە شێوەیەکی گشتی و بە تەنگ نەهاتی دەسەڵات بۆ چاککردنی باری گوزەرانی خەڵك، دواجار لە 31ی مارتی 1949 کودەتایەکی سەربازی بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ حوسنی زەعیم[2]، بە دوایی خۆیدا هێنا. لێرەشدا ئەگەرچی لەم ماوەیەدا باری ناوچە کوردستانییەکان ئاهێکیان بەبەردا هاتەوە، بەڵام دیسانەوە ئەمەش بە تەواوی نەیتوانی چارەسەری بارودۆخەکە بکات، لەبەر ئەوەی حکومەت و دەسەڵاتی کودەتا هێندەی نەخایەند و لە سوریادا دوو کودەتای دیکە ئەنجام دران، یەکەمیان لە 14ی ئابی 1949 بەسەرۆکایەتی سامی حەناوی[3] و دووەمشیان لە 19ی کانوونی یەکەمی 1949 بە سەرۆکایەتی ئەدیب شیشەکلی[4] (میراني، الحرکة القومیة...، 2004، ص ص83 -93).

شایەنی باسە، کودەتای 14ی ئاب کە لەسەر دەسەڵاتی حوسنی زەعیم ئەنجامدرا، لە دادگایەکی خێرادا بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر سەرۆك کۆماری حوسنی زەعیم و سەرۆك وەزیران موحسن بەزاری[5] بە ڕەچەڵەك کورد جێبەجێکرد، بە دوای ئەوەش ئەو جۆرە هەنگاوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی سوریا لە دیمەشق لە بەرانبەر کوردەکانی ناو سوپای سوریا و دەزگا کارگێڕییەکان پەیڕەوکرا(حصاف، سیاسة حکومات...، 2013، ص 441؛ علي، 2015، ص4). سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەدیب شیشەکلی، ناوەندە شۆڤێنییەکان دەستیان کرد بە چاندنی تۆێ ڕق و کینەی نەتەوەیی بەرانبەر بە کورد، بۆ ئەمەش جارێك بانگەشەیان بۆ مەترسی لە کورد دەکرد و جارێکیش بیانووی ئەوەیان دەهێنایەوە پیلانێك هەیە، بۆ نزیك کەوتنەوەی کورد لە تورکیا و دابڕینی ناوچەکەیان لە سوریادا (بەدرەدین، 2003، ل 85).

ئاشکرایە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی سوریا لە دەمی ئەو قۆناغەدا لە بەرانبەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی توندوتیژ و دوژمنکارانە بووە، لەم چوارچێوەیەشدا جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە سنوورییەکانی نێوان

سوریا و عێراق و تورکیا لە پێشینەی کارەکانیاندا بووە. لەمەشدا مەبەستیان بووە لە ڕێگای نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچەکەدا هەم کوردەکان لە زێدی باب و باپیرانی خۆیان دووربخەنەوە، هەمیش پێوەندی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ باکوور و باشووری کوردستاندا، بپچڕێنن (گوڵ، 2005، ل ل 102 -104؛ لووخان، 2013/1/11).

لە ڕاستیدا، لە جێبەجێکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردندا، فەرمانڕەوا سورییەکان هەموو هەوڵکیان داوە بۆ بێبەشکردنی کورد لە مافی موڵکدارییەتی زەویدا، لەم سۆنگەشەوە پەنایان بۆ دەرکردنی یاسا بردووە. ئەوەتا یاسای ژمارە (193)ی ساڵی 1952 بە ڕوونی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ناتوانرێت هیچ گوڕانکارییەك لە مافی موڵکدارییەتی لە ناوچە سنوورییەکاندا بکرێت، بەبێ ڕەزامەندی پێشینە و بڕیاری وەزیری ناوخۆ. ئیدی ئەم بڕیارە کوردەکانی بێبەشکرد لەوەی زەوی کشتوکاڵی بکەن بە ناوی خۆیانەوە، کە لە تەواوی ناوچە سنوورییەکان لە پارێزگای ئەدلب لەسەر سنووری لیوای ئەسکەندەروونە دەستپێدەکات لە دەشتاییەکانی پارێزگای حەسەکە لە ڕۆژهەڵات لەسەر سنوور کۆتایی دێت. لە باکوورەوە لەسەر سنووری لەگەڵ تورکیا دەستپێدەکات و لە لیواری ڕووباری دیجلە درێژ دەبێتەوە بۆ سنووری چیا شەنگال لە سنووری عێراقدا (علي، 2015، ص4). ئەنجامی یەکەمی ئەو بڕیارە ڕێگری بوو لە دروستکردنی هەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، کە خزمەت بە کوردەکانی ئەو ناوچە دەوڵەمەند و فراوانە بکات. بەمەش دەکرێت بووترێت کاری ئاوەدانی لە ناوچەکە وەستا و کۆچکردنی بە ناچاری دەستپێکرد. لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ئەم بڕیارە تەنیا لەسەر کوردەکان جێبەجێکراوە، ئەگەر بزانیین عەرەبەکان لە ڕێگەی وەرگرتنی ڕەزامەندی دەزگای ئاسایشی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، توانیویانە بە شێوەیەکی ئاسایی هەر کارێکی بیانەوێت ئەنجامی بدەن(علي، 2015، ص ص5).

دەسەڵاتدارانی سوریا لە هەنگاوێکی دیکەیاندا لە بەرانبەر ناوچە کوردستانییەکان، بێ بەشکردنی کوردەکان بوو لە مافە سەرەتاییەکانی خوێندندا، ئەمەش لە ڕێگای پشتگوێ خستن و دروست نەکردنی خوێندنگا لە ناوچەکەدا، ئەگەرچی چەند جارێك لە لایەن کوردەکانەوە داوای دروستکردن و کردنەوەی خوێندنگا لەسەر ئەرکی خۆیاندا کرابوو (ئەحمەد، 2012، ل29). لە لایەکی دیکەوە ئەم پرۆسەیەی دەسەڵاتدارانی سوریا، لە دواتردا دەست بەسەرداگرتنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشی گرتەوە کە بە زمانی کوردی دەردەچوون (هێکمان، 2011، ل 13).

ساڵی 1958 کودەتایەکی سەربازی بە ڕێبەرایەتی بەرەی نیشتمانی لە سوریا ئەنجامدرا، دواتر دەسەڵاتی تازەی سوریا لەگەڵ میسر ڕێککەوتن و لە 22ی شوباتی 1958 "کۆماری عەرەبی یەکگرتوو"یان بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر (1918 – 1970) ڕاگەیاند. سەردەم و قۆناغی "کۆماری عەرەبی یەکگرتوو" قۆناغێکی نوێی لە سەرکوتکاری هێنایە پێشەوە، کاتێك چالاکی پارتە سیاسییەکان قەدەغەکران و وڵات کەوتە ژێر دەسەڵاتێکی قۆرغکاری و باڵادەستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئیدی لە کەشێکی ئاوادا کە شەپۆڵی ناسیۆنالیستی عەرەبی سەرتاپای ناوچەکەی گرتبۆوە، کورد ناسنامەی نەتەوەیی و کلتوری خۆی لەبەردەم هەڕەشە و نەماندا دەبینیەوە (بدرەدین، 2016/9/30).

لەم ماوەیەدا حکومەت هەڵمەتێکی دەستگیرکردن و ناشرینکردنی دژی کورد و بزووتنەوە تازەکەی ئەنجامدا. لەم چوارچێوەیەشدا ساڵی 1960 لەو هەڵمەتەی کە بە "هەڵمەتی گەورە" ناسرا، سەرهەنگ عەبدولحەمید سەراج [6] کە سەرکردایەتی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی سیاسی کوردی دەکرد، سەدان ئەندام و هەوادارانی "پارتی دیموکراتی کوردی لە سوریا"[7] لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو پارتەی دەستگیرکردن و خستنییە کونجی زیندان لە حەلەب، دواتریش بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ پارچەپارچەکردنی خاکی سوریا و ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی سیاسی نایاسایدا دادگایی کران. (مونتگومری، 2009، ل 49 -51؛ میراني، 2004، الحركة القومية...، ص ص 159 -161؛ حصاف، الصراع الداخل...، 2014، ص256). هەروەها هەر لەم قۆناغەدا زۆرێك لە ئەفسەر کوردەکان لە سوپا دوورخراونەتەوە و ڕێگا بە خوێندکارە کوردەییەکانیش نەدراوە لە کۆلێژی ئەفسەری و پۆلیسدا بخوێنن(گوڵ، 2005، ل 106؛ حصاف، عوامل وظروف...، 2014، ص350؛ لووخان، 2013/1/15). لە لایەکی دیکەشەوە هەر لە قۆناغی "کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا"، دەسەڵات بە تۆمەتی بەرپرسیارێیەتی مردنی (380) منداڵی خوێندنگایەکی کوردی لە سینەمایەکی شارۆچکەی عامودا لە پارێزگای حەسەکە لە 30ی تشرینی یەکەمی 1960 تاوانبارکرا، ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە منداڵانی ئەو خوێندنگایە بۆ بینینی فلیمێك لە بارەی ڕاپەڕینی جەزائیر بانگهێشتنی سینەماکە کرابوون. ئەوەی لێرەدا وای دەکرد گومانی ئەوە بکرێت ئەم کارە بە دەستی ئەنقەست کرا بێت و دەسەڵاتی پێوە تۆمەتبار بکرێت. باس و خواسی ئەوە بوو، گوایە کارمەندانی سینەماکە لە کاتی کەوتنەوەی ئاگرەکەدا سینەماکەیان بە جێهێشتووە و دەرگاکانیشیان لە دواوە قفڵداوە. (ملا، 2000، ص 80؛ مونتگومری، 2009، ل 52). بەمەش ئەو ڕووداوە بە هەستێکی دوژمنکارانە بەرانبەر کورد لێکدرایەوە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، هەر لەم قۆناغەدا یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ڕاگەیەنراوە، کە ئامانج تێدا دووبارە دابەشکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییە بەرفراوانەکان بوو بەسەر جوتیارە هەژارەکاندا. لەمەشدا دیسانەوەی زەرەرمەندی یەکەم کوردە موڵکدارەکان بوون، لەبەر ئەوەی بەشێك لە زەوییەکانیان لێسەندرایەوە درا بە جوتیارە عەرەبەکان. بە گشتی ئەو هەنگاوەش کاریگەری بەسەر لایەنی سیاسی و دانیشتوانی کورد هەبوو، چونکە بە چڕی لە سەردەمی یەکێتی میسر و سوریا (1958 -1961) دەستپێکرد و تا سەرەتای حەفتاکان سەردەمی حافز ئەسەد (1930 -2000) بەردەوامی هەبوو (بدرەدین، 2016/9/30).

کاتێك لە عێراق شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 ڕوویدا و دۆزی کورد لە عێراق هەنگاوێك چووە پێشەوە، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەبوو بەسەر سیاسەتی دەسەڵاتدارانی سوریا، لەم چوارچێوەیەشدا یەکەم هەنگاو گۆڕینی ناوی کۆماری سوریا بوو بۆ کۆماری عەرەبی سوریا، لەمەشدا مەبەستیان بوو نکۆڵی لە بوونی نەتەوە ناعەرەبەکان بکەن لە سنووری دەوڵەتی سوریادا. لەم بارەیەوە توێژەرێکی ئەکادیمی پێی وایە دەسەڵاتدارانی سوریا لەم بڕیارەیاندا مەبەستی سەرەکیان کورد بووە، لەبەر ئەوەی دووەمین نەتەوە بوون لە سوریادا (حصاف، 2016/12/3).

ئەنجامی ئەو سیاسەتەش کە ئاماژەی بۆ کرا، بزووتنەوەی ڕزگایخوازی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەڕووی تەنگەژەیەکی زۆر کردەوە، کاتێك دەسەڵاتدارانی سوریا ئامانجی سەرەکیان لێدانی کورد بوو لە ڕێگای کردەی بەعەرەبکردنی ناوچە سنوورییەکان و دابرینی ناوچە کوردییەکان لە ڕووداو پێشهاتە سیاسییەکانی، کە لە باشووری کوردستان هاتبووە پێشەوە(حصاف، سیاسة حکومات...، 2013، ص 441؛ شێخ سدیق، بێ ساڵی چاپ، ل20).

31ی ئەیلولی 1961 کۆماری عەرەبی یەکگرتوو هەڵوەشایەوە و میسر و سوریا لە یەکتر جیابوونەوە، لێرەش بەدواوە تێڕوانینی ئایدۆلۆژی بەعەرەبکردنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان شێوازێکی توندتری بەخۆیەوە بینی و بە هەنگاوێکی توندوتیژتر جێبەجێکرا. دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی سوریا بە توندی کەوتنە لێدانی کوردە کۆچەرەکانی لە دەرەوەی سوریا هاتبوون، کاتێك هەندێکیانیان زیندانیکردن و ژمارەیەکیان دوورخرانەوە و ڕێگەیان نەدرا بخوێنن. لەمەشدا ئامانج تێدا ڕەشکردنەوەی فەرهەنگ و کلتور و زمانی کوردی و تێکدان و هەڵوەشانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوو(علي، 2015، ص5). لە چوارچێوەی بەردەوامی ئەو سیاسەتەدا کە سورییەکان گرتبوویانەبەر لە بەرانبەر ناوچە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، ساڵی 1962 پەنا بۆ پرۆسەی سەرژمێری لە پارێزگای حەسەکە برا، کە لە تەوەری داهاتوودا باس لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە دەکەین.

**2 - سەرژمێری پارێزگای حەسەکە و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی**

پارێزگای حەسەکە، کە ناوەندی هەرێمی جەزیرەی سوریایە، دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتییەوە هاوسنورە لەگەڵ باکووری کوردستان، لە ڕۆژهەڵاتیشدا لەگەڵ باشووری کوردستان، پارێزگا دێرزور دەکەوێتە باشوورییەوە، هەروەها لە ڕۆژئاواش هەردوو پارێزگای دێرزور و ڕەققەیە(سمایل، 2009، ل 46). ڕووبەری پارێزگاکە (359, 333, 2) دوو ملیۆن و سێ سەد و سی و سێ هەزار و سێ سەد و پەنجا و نۆ هێکتارە، کە ١٢.٦% ڕووبەڕووی سوریا پێکدەهێنێت. شارە سەرەکییەکانی بریتین لە: دێرک، قامشلۆ، عامودا، دەرباسیە، سەرێکانی و حەسەکە(مجیدو، 2003، ل ل 8 - 12). بەشی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە کوردانی ئێزیدین و لە ناوچەی گۆمی خاتووندا دەژین، ئەم ئێزیدیيانە لە هەمان ڕەگەزی ئێزیدییەکانی چیای شەنگالن کە لە باشووری کوردستاندا دەژین (معوض، 2010، ص ص 39 -46).

لەمەوبەر ئاماژە بۆ ئەوە کرا، دەسەڵاتدارانی سوریا هەموو هەنگاوێکیان لە بەرانبەر کوردانی ڕۆژئاوا گرتبەر و لەمەشدا ئامانجی سەرەکیان کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانی کورد بوو(ملا احمد، القضية الكردية...، 2001، ص 79). ئیدی لە چوارچێوەی ئەم هەنگاوەدا ڕژێمی سوریا لە ناوچە کوردنیشەکاندا بە دیاریکراویش لە پارێزگای حەسەکە پەنای بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی برد. بۆ ئەو هەنگاوەش فەرمانی یاسایی ژمارە (٩٣)ی لە 23ی ئابی 1962 لە سەردەمی نازم قودسی[8] سەرۆك کۆمار و بەشیر عوزمە[9] سەرۆك وەزیرانی سوریا بۆ دەرچوو. (مەخمووری، 2002، ل68؛ میراني، سياسة التمييز...،2001، ص 79).

لە لایەکی دیکەوە، لە 23ی ئابی 1962 فەرمانی یاسایی ژمارە (94)یش دەرچوو، کە پشتیوانی لە بڕیاری ژمارە (1)ی ڕێککەوتی 30ی نیسانی 1962 و دانیشتنی 21ی ئابی 1962 ئەنجوومەنی وەزیران دەکرد، کە تایبەت بوو بە گۆڕانکاری کارگێڕی لە پارێزگای حەسەکە و تێدا ناوچەی حەسەکەی دابەشکردبوو بۆ دوو بەش ئەوانیش: ناوچەی (راس العين)، کە لە لادێکانی شارەدێی دەرباسیە پێکدەهات، لەگەڵ ناوچەکە حەسەکە کە لە ناوچەکانی (شەداد، تل تەمر و خاپوور) پێکدەهاتن(غفور،2010، ص15). ئەم هەنگاوەشیان بۆ بچووکردنەوە و بەرتەسکردنەوەی سنووری پارێزگاکە بووە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی سوریا لە دانیشتنی خۆیدا لە 22ی ئابی 1962 بە ئامادەبوونی سەرۆك کۆمار فەرمانی ژمارە (106)ی دەرکرد[10]، کە تایبەت بوو بە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی سەرژمێری پارێزگای حەسەکە. لە ماددەی یەکەمی ئەو فەرمانەدا هاتبوو لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری ناوخۆ و بەپێی بەرنامە و بڕیاری وەزیری پلاندانان دەبێت پرۆسەکە لە یەك ڕۆژدا تەواو بکرێت. لە لایەکی دیکەوە لە ماددەی شەشەمدا هاتبوو کاتێك پرۆسەکە کۆتایی دێت، لیژنەیەکی باڵا لەسەر بنەمای فەرمانی کۆماری و پێشنیاری وەزیری ناوخۆ پێکبهێنرێت بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەنجامەکان، دوا بەدوای ئەوەش ڕاپۆرتێك ئامادەبکرێت لە بواری ڕەگەزنامەی شارستانی، تا ڕەگەزنامەی دانیشتوانی پارێزگاکە جێگیر بکرێت، دواجاریش ڕێنمایی و ڕاسپاردەکان سەبارەت بەم پرسە گەڵاڵە و ئامادە بکرێت (ملا احمد، صفحات ...، 2001، ص ص165 -168 ؛ فيلي، 2007/8/23).

پرۆسەکە بە پاساوی دیاریکردنی ناسنامەی دانیشتوان و ڕاستکردنەوەی تۆمارەکانی پارێزگاکە و دەستنیشانکردنی ئەو کوردە بیانیانەی گوایە لە تورکیا و عێراقەوە هاتوون و لە پارێزگای حەسەکە نیشتەجێ بوون، لە ماوەی یەك ڕۆژدا ئەنجامدرا و ئەوەی مەبەستیان بوون پێکایان (ملا، 2000، ص80؛ ملا احمد، القضية الكردية...، 2001، ص 79؛ احصاء الحسكة، 2011/4/1). محەمەد تەڵەب هیلال[11]، کە ئەفسەر بوو لە دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەتی سوریا یەکێك بوو لە ئەندازیارانی ئەم پرۆسەیە و چەندین بەرپرسیاریەتی وەرگرت و دواتریش پرۆژەیەکی لە بارەی پاکتاوکردنی کورد پێشکەش بە کاربەدەستانی سوریا کرد و هەر زوو پرۆژەکەشی پەسەند کرا (هلال، 2001، ص ص 9 و14 و57 و59؛ غريبو، 2009/9/25).

شایەنی باسە، فاکتەری کاریگەر لەسەر دەسەڵاتدارانی سوریا بۆ هەڵبژاردنی پارێزگای حەسەکە و ئەنجامدانی پرۆسەکە تێدا لەو ساڵەدا، دەگەڕایەوە بۆ گرنگی شوێنی جوگرافی پارێزگاکە کە لە باشووری کوردستاندا نزیکبوو، هەروەها جموجۆڵ و چالاکی تێدا بوونی هەبوو. لە لایەکی دیکەشەوە پەرەسەندنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان مەترسی لەسەر دەسەڵاتدارانی سوریا دروستکردبوو، نەوەك ئەو کاریگەری و پێشهاتانە بگوازرێنەوە ئەوێ، ئەمەش بە هۆی ئەوەی پێوەندی لە نێوان کوردانی باشووری و ڕۆژئاوادا هەبووە و، کوردانی ڕۆژئاوا کەوتبوونە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی باشووری کوردستانەوە (Хассаф,1985,С.106؛ برۆ، 2016/11/15).

لە ڕوویەکی دیکەشەوە دەکرێت بووترێت هۆکارێکی دیکەی ئەنجامدانی پرۆسەکە هەنگاوێك بوو بۆ کەمکردنەوەی قورسایی کورد لەو ناوچەیەدا، تا ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان دەنگەکانیان کەم بێت و نەتوانن پارتەکەیان و پاڵێوراوەکانیان دەستنیشان بکەن و بۆ پەرلەمان بیانێرن. ئەوە سەرباری ئەوەی مەبەستی سەرەکی تێدا گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد و برینی ئەو پردی پێوەندییە بوو، کە لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا هەبوو (حاجۆ، 2016/11/20).

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢، کردەی سەرژمێری لە پارێزگای حەسەکە دەستپێکرد، لەم ڕۆژەدا قەدەغە بوو هاوڵاتیان لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە، بەمەش ئەوانەی لە دەرەوە بوون تەنیا ئەو کارمەندانە بوون، کە بە مەبەستی سەرژمێری کردن ئەو ماڵ و ئەو ماڵیان دەکرد(مەخموری، 2002، ل 68؛ ڕۆژنامەی میدیا، 1/ 2000/1). سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە پرۆسەکە لە ژێر چاودێری و ڕێوشوێنکی ئەمنی توند بەڕێوەچووە، بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی نزیك لە باکووری کوردستان و تورکیادا. لەمەشدا مەبەستیان بوو ڕێگری لە هاتووچۆی نێوان دانیشتوانی گوندەکانی نزیك لە سنوورەکان بکەن(عیسمەت شەریف وانلی، 2009، ل ل 13 -14؛ جريدة صوت الاكراد، ايلول 1997).

ئەندامانی لیژنەکە کەوتنە گەڕان لەمەشدا هەبوون هاوکار و هەماهەنگیان لەگەڵدا دەکردن، لەم بارەوەیە یەکێك لە شادحاڵەکان دەڵێت:"... کاتژمێر ١٠ی بەیانی دوو ئۆتۆمبێلی جۆری جێب هاتنە گوندی گرەسۆر، چوونە دیوەخانی ئاغا خەڵکیان بانگکرد و کۆیانکردنەوە بۆ ناونووسین، یەک بە یەک لێیان دەپرسین تۆ لە کەیەکەوە لێرەی، لە کوێوە هاتووی، زۆربەی ئاغاکان هاوکاری حکومەتیان کرد، بۆ ئەوەی بڵێن جووتیاران خەڵکی تورکیان، چونکە ئەو سەردەمە ناکۆکی چینایەتی هەبوو، لە نێوان ئاغا و جووتیاراندا، کاتێک لە جوتیارێکیان بپرسیایە خەڵکی کوێی، جووتیارەکە بیگوتایە خەڵکی ئێرەم یەکسەر ئاغا دەیگوت ڕاست ناکات ئەوە خەڵکی تورکیایە بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکە بنوسێت خەڵکی تورکیایە..."(حصاف، 2016/12/3). لێرەشدا ئەوە بە ڕوونی بە دیار دەکەوێت، کە بەشێکی زۆر لە ئاغاکانی ناوچەکە لەبەر کێشەیان لەگەڵ جوتیاراندا هاوکاری و هەماهەنگی لیژنەکە بوون (Hassaf,2011, LL 158-164).

شایەنی باسە، سەرژمێرییەکە زۆر بە کتوپڕ و بێ ئاگاداری پێشینە ئەنجامدرا، واتە خەڵکی ئاگاداری پێشوەختەیان لە بارەیەوە نەبوو، بەمەش هەر هێندەیان زانی بانگی ئەوەکران بێن و بەشداری سەرژمێری بن. بەم هۆیەوەشەوە بەشێك لە وانەی کە لەم ڕۆژەدا لە سەفەربوون، نەیانتوانی بەشداری بکەن و ئەنجام ڕەزگەنامەیان لێسەندرایەوە و بە بێگانە لە قەڵەمدران (حصاف، 2016/12/3).

لەم پرۆسەیەدا بەڵگەنامەی پێویست کە دەبوو کوردەکان پێشکەشی بکەن و تێدا بێ سەلمێنن ماوەیەکی مێژوویيە لە ناوچەکە نیشتەجێن، نیشاندانی ناسنامە و کارتی خێزانی یان تاپۆی زەوی و خانووبەرە بوو، کە خاوەنداریەتی و موڵکداریەتییەکەی بۆ بەر لە ساڵی 1945 بگەڕێتەوە. لێرەشدا ئەگەرچی زۆرێك لە جوتیارە کوردەکان خاوەنی زەوی بوون لە ناوچەکە و ماوەیەکی زۆریش بوو تێدا نیشتەجێبوون، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەر لە ساڵی 1945یان پێی نەبوو. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە هەر چەندە ژمارەیەك لە کوردە شوانکارەکان بەڵگەی باجی مەڕ و ماڵاتیان هەبوو بۆ ئەوەی بێ سەلمێنن لە زووەکەوە لە ناوچەکە نیشتەجێن، بەڵام لە ئەنجامی ڕێگری کردن لە بەشدارکردن لە پرۆسەکە بە دەستی مەبەست، ژمارەیەکی بەرچاو بە بێگانە هەژمارکران (ئەحمەد، 2012، ل51 -52).

لە بارەی ئەو بەڵگەنامە پێویستیانەی کە دەبوو پێشکەشی بکەن بۆ ئەوەی بێ سەلمێنن خەڵکی ناوچەکەن. سەرچاوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سیستمی خاوەنداریەتی زەوی بە شێوەی نەریتی کۆن لەم ناوچەیەی سوریا چەسپی بوو، بۆیە زۆربەی کوردەکان خاوەن زەوی بوون، هەروەها بەشێکی زۆ جوتیارەکان موڵکی خۆیان بوو کاریان تێدا دەکرد، بەڵام تاپۆی زەویان نەبوو. بۆیە خاوەنی بەڵگەنامەی پێویست و سەلمێنەر نەبوون. لە لایەکی دیکەشەوە هێشتنەوەی پسوولەی باجی مەڕ و ماڵات کە مێژوویەکەی بۆ 17 ساڵ بەر لەم ڕۆژە دەگەڕایەوە بۆ خاوەن ئاژەڵەکان شتێکی ئاسان نەبوو، لەبەر ئەوەی ئاژەڵدارەکان لە کوێ درك بەوە بکەن دوای ئەو هەموو ساڵە پێویستیان بەم پسوولەیە دەبێت! تا ئەوەی بیپارێزن (مونتگومری، 2009، ل ل 106 – 107).

لە ڕاستیدا، پرۆسەی سەرژمێری لە پارێزگای حەسەکە بوو بە هۆکاری ئەوەی دانیشتوانی پارێزگاکە دابەش بن بەسەر سێ شێواز، یەکەم: ئەوانەی کە خاوەن ڕەگەزنامەی سورین. دووەم: ئەوانەی ڕەگەزنامەی سوریيان لێسەندرایەوە و لە تۆماری فەرمی وەك بێگانە تۆمار کران. سێیەم: ئەوانەی ڕەگەزنامەی سوریيان لێسەندرایەوە و لە تۆمارە فەرمییەکانیش ناویان ڕەشکرایەوە. بەمەش بۆ ئەوانەی سێیەمیان دەستەواژەی (مکتوم قەید)یان[12] وەك دەستەواژەیەکی کارگێڕی بۆ بە بەکارهێنرا، لەبەر ئەوەی ناویان لە هیچ تۆمارێکی فەرمیدا تۆمار نەکرا(الاكراد في سوريا، 2011/4/3؛ زکزك، 2015/12/30).

سەرژمێرییەکە وەك چۆن دەسەڵاتدارانی سوریا مەبەستیان بوو ئاوا بەڕێوەچوو، ئیدی لە دوای دوو ساڵ ئەنجامەکەی لە 4ی تشرینی یەکەمی 1964 بە فەرمی ڕاگەیەنرا(نەبەز، 1985، ل 137؛ ڕۆژنامەی خەبات، کانوونی یەکەمی1967). کوردە ڕەسەنەکانی ناوچەکە لەگەڵ گوێ بیستبوونی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان تووشی سەرسورمانێکی گەورە هاتن، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکان لە مافی ڕەگەزنامەی سوری بێ بەشبوون و بێ ناسنامە مانەوە، کە یەکێك لە سەرچاوەکان بە (100) هەزار و سەرچاوەیەکی دیکە بە (120) هەزار و ئەوەی تریان بە (150) هەزار و، دواهەمشیان بە (200) هەزار کەس دەیخەملێنن (قاسملو، 2006، ل 96؛ ملا احمد، القضية الكردية...، 2001، ص 79؛ لازاریف و ئەوانی تر، 2012، ل 551؛ مەخمووری، 2002، ل68). دەسەڵاتدارانی سوری بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بیانووی ئەوەیان هەبوو، ئەوانە بێگانەن و دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە نین، بەڵکو ئەمانە لە ئەنجامی ستەم و زوڵمی دەسەڵاتدارانی تورکیا هەڵاتوون و ڕوویان کردۆتە ناوچەکە و تێدا نیشتەجێ بوون، ئیدی بە بیانووی ئەوەی بێگانە مافی ڕەگەزنامە نایگرێتەوە، بە بێگانە تورکەکان ناویان بردن (بدرالدين، غرب كردستان، 1998، ص ص29 -30؛ جريدة الوحدة، ايار 2002).

لە ڕاستیدا، ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە بەشێك لە کوردانی باکووری کوردستان بە تایبەتی دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشی ساڵی 1925 بە سەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران، ڕاپەڕینی ئاگری داغ ساڵی 1930، ڕاپەڕینی دەرسیم ساڵی 1937 بە سەرۆکایەتی سەید ڕەزای دەرسیمی بە هۆی سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی تورکیا بە ناچاری ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووتە ڕوویان کرۆدتە ڕۆژئاوای کوردستان و لەوێدا گیرساونەتەوە، بەڵام بەشی زۆری ئەوانە دەستەبژێر و ڕۆشنبیر و سیاسییەکان بوون، نەوەك خەڵکی گشتی (قاسملو، 2006، ل 96؛ سمایل، 2009، ل43). دەبێت ئەوەش بووترێت کوردانی باکوور و ڕۆژئاوا لە بنەڕەتدا باوەڕیان بەو سنوورە نەبوو، کە لە نێوانیاندا کێشرابوو، لەبەر ئەوەی پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەبوو، تەنانەت هەندێکیان لە پشتدا خزم و ناسیاو یەکبوون، یاخود هاوخوێن و لە هەمان هۆزبوون، ئەمەش وایکرد ئەوان بەم سنوورە دەستکردەیان بڵێین "خەت"، لەمەشدا مەبەستیان لەو هێڵەیە شەمەندەفەرە بوو، کە ئەڵمانەکان دایانمەزراند بوو، لەو سۆنگەشەوە بە کوردانی باکووریان دەگووت سەرخەتێ و بە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستانیشیان دەگووت بنخەتێ(عوني، دون سنة الطبع، ص130؛ تسابولوڤ،1990، ص15).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، دەسەڵاتدارانی سوریا لەم سەروبەندە بە تەواوی بوونی کورد و خاکی کوردستانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی سوریا ڕەتدەکردەوە و پێیان وابوو ئەوەشی هەیە خاکێکی ڕەسەنی عەرەبییە و هیچ پێوەندییەکی بە کوردەوە نییە.

لێرەشدا دەبێت ئەو بزانرێت ئەم جۆرە بيركردنەوەيە وەنەبێت تەنيا لە لايەن دەسەڵاتدارانەوە باسی لێوە كرا بێت، بەڵكو لە لايەن ڕۆشنبيرە عەرەبەكانيش دووپاتكراوەتەوە(الموصلي، 1991، ص ص 461-464؛ جواد، 1988، ص ص 7 -8).

ئاشكرايە بەڕێوەچوونی پرۆسەی سەرژمێری پارێزگای حەسەكە، وەك كردەيەكی نایاسايی بێ وێنە ژمارەيەكی بەرچاوی لە كوردانی ڕۆژئاوای كوردستان لە مافی ڕەگەزنامەی سوری بێبەشكرد، كە لەگەڵ خۆيدا ئەنجام و كاريگەريی زۆری كردە سەر خەڵكی ناوچەكە بە گشتی و ئەوانە ڕەگەزنامەيان لێسەندرايەوە بە تايبەتی.

**3- ئەنجام و كاريگەييەكانی سەرژمێريی پارێزگای حەسەكە**

وەك ئاماژەی بۆ كرا، سەرەتای ڕاگەياندنی ئەنجامی سەرژمێرييەكە، ژمارەيەكی بەرچاوی لە كوردەكان، لە مافی ڕەگەزنامەی سوری بێبەشكرد، دواتريش كە ئەنجامەكان بە مەبەستی لێكۆڵينەوە و وردبينی كردن ڕەوانەی ليژنەی باڵا كرا، لە وێشدا ژمارەيەكی ديكە ناوكانيان سڕايەوە و وەلانران(ملا احمد، صفحات، 2001، ص 167). واتە لە بڕی ئەوەی ڕێژەكە كەمبێتەوە، زيادی كرد. بێ بەشبوونی ئەو ژمارە زۆرەی كوردەكان لە مافی ڕەگەزنامی سووريدا، ئەگەرچی كردەيەكی نامرۆڤانە و ناياساييانەی بێ وێنە بوو، بەڵام لای دەسەڵاتدارانی سوريا سەرژمێرييەكە بە دادپەروەرانە و پێشكەوتوانە و سەركەوتووانە درايە قەڵەم و ستايشكرا. لێرەشدا پاساويان بۆ ئەوە دەهێنايەوە، كە ئەوانە بە بنچينە خەڵكی توركيا و عێراقن لە وێدا هەڵاتوون، بە ناياسای لە خاكی سوريا نيشتەجێبوون، ناسنامەی ساختەيان دەستكەوتووە، مەبەستيانە دەست بەسەر خاكی سوريادا بگرن (ڕۆژنامەی ميديا، 2000/1/1).

وەك لە سەرچاوەكاندا بە ديار دەكەوێت لە ئەنجامی ئەم سەرژمێرييەدا بابەتی سەير و سەمەرە ڕووداوە، چونكە لەم چوارچێوەيەدا دەسەڵاتدارانی سوريا هەستيكيان نەبووە بۆ ئەوانەی كە هاوسۆزيان بوون لە پێشووتردا. ئەوەتا يەكێكی وەك تۆفيق نيزامەدين[13] سەرۆكی ئەركان و سوپا سالار پێشوو و عەبدولباقی نيزامەدينی[13] برای، كە پێشووتر وەزيری تەندروستی بوو، تەنيا لەبەر ئەوەی كورد بوون بە بێگانە هەژماركران (قاسم، 2007/10/16). لە لايەكی ديكەشەوە خێزانی ئيبراهيم پاشای ميللی بە بێگانە هەژماركران و ڕەگەزنامەيان لێسەندرايەوە، لە كاتێكدا ئەم خانەوانەدەيە يەكێك بوون لە دامەزرێنەرانی پەرلەمان لە سوريا ساڵی 1928 (بدرالدين، 1998، ص ص29 -30). لە هەمووشی سەيرتر ئەوەبوو ئەنجامەكان بە شێوەيەك بوون لە نێوان دوو برا يەكێكيان مافی ڕەگەزنامەی هەبوو، ئەوەی تريان لێسەندرايەوە، ياخود لە نێوان كوڕ و باوكدا، كوڕ بوو بە خاوەنی ڕەگەزنامە و باوك بوو بە بێگانە، پێچەوانەكەش هەر ڕاستە (ميرانی، سياسة التميز...، 2010، ص42).

سەرژمێری ساڵی 1962، بە ئەندازەيەك ئەنجام و كاريگەری زۆری لە ڕووی كۆمەڵايەتی لەسەر خێزان و هاوڵاتيانی كورد لە پارێزگاكە لێكەوتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی كە ڕەگەزنامەيان لێسەندرايەوە، ئەگەرچی دانيشتوانی ڕەسەنی ناوچەكە بوون، كەچی لە زێدی خۆيان كرانە دەرەوە و وەك بێگانە سەيركران. ئەنجام بە گشتی ڕووبەڕووی بەڵا و گێژاوێكی قورس هاتنەوە. بەڵا و گێژاوێك كە تەنيا كەوتە سەر شانی كوردەكان و پێكهاتەكانی ديكەی پارێزگاكەی نەگرتەوە. ئيدی لە دواجار لە تۆمارێكی تايبەتدا لە ژێر ناونيشانی "تۆماری بێگانە" كە دواتريش ناوەكەی گۆڕا بۆ " تۆماری بێگانەكانی پارێزگای حەسەكە" ناويان تۆمار كرا (ملا احمد، القضية الكوردية، 2001، ص167؛ ميراني، سياسة التميز...، 2010، ص41).

بە گشتی كاريگەری و لێكەوتەكانی ئەم سەرژمێرييە بە شێوەيەك بوو، هەموو كايەكانی ژيانی گرتەوە. لەم چوارچێوەشدا ئەوانە ڕەگەزنامەيان لێسەندرايەوە، بۆيان نەبوو هاوسەرگيری ياسايی ئەنجام بدەين، بە مانايەكی ديكە هاوسەرگيرييەكەيان بە گوێرەی ياسا دانپێنراو نەبوو و بۆيان نەبوو منداڵەكانيان بكەن بە ناوی خۆيانەوە. بەمەش لە دواتردا منداڵەكانيان ڕووبەڕووی كێشە دەهاتنەوە، بە تايبەت كاتێك تەمەنيان گەورە دەبوو، دەگەيشتنە تەمەنی چوونە بەر خوێندن. لێرەشدا لەبەر ئەوەی منداڵەكان تۆمار نەكرابوون و خاوەنی ڕەگەزنامە نەبوون، بۆيان نەبوو بخوێنن. بۆ ئەوەشی بەڵگەنامەی پێويست بەر دەست بخەن دەبوو سەردانی دەزگای ئاسايش بكەن بە مەبەستی لێكۆڵينەوە، زۆرجار ئەم پرۆسەی لێكۆڵينەوەيە ماوەيەكی زۆری دەخايانەد و دەبووە هۆكاری ئەوەی لە خوێندندا دوا بكەون(وانلي، 1968، ص 13؛ مەخموری، 2002، ل 68). يەكێكی ديكە لە ئەنجام و كاريگەرييەكانی ئەو سەرژمێرييە لەسەر پرۆسەی خوێندن بە شێوەيەك بوو، ئەوانەی لە تۆماری مەكتوم قەيد ناويان تۆماركرابوو، مافی ئەوەيان هەبوو تەنيا تا پۆلی دوازدەهەم بخوێنن، بەمەش لە چوونە زانكۆ و پەيمانگاكان بێبەش بوون. ئەوە لە لايەك، لە لايەكی ديكە ئەوانە لە تۆمارەكاندا بە بێگانە تۆماركرا بوون مافی چوونە زانكۆ و پەيمانگاكانيان هەبوو، بەڵام كە دەردەچوون بۆيان نەبوو لە دامودەزگاكاندا دابمەزرێن و خزمەت بكەن. (الجريدة الجبهة، تشرين الثاني2002؛ حاجۆ، 2016/11/20). لێرەشدا

دەتوانرێت بووترێت ئەو ڕێگریانە وایكرد زۆرێك لە كوردەكان وابیر بكەنەوە كە پێویست ناكات ئەو هەموو كاتە منداڵەكانیان بخەنە بەر خوێندن و دواتریش هیچ سوودێكی نەبێت.

لە ڕوویكی دیكە هەر لە ئەنجام و كاریگەرییەكانی سەرژمێرییەكەدا، بە یاسا ئەوانەی ڕەگەزنامەیان لێسەندرایەوە مافی ئەوەیان نەبوو لە شوێنە گشتییەكان كار بكەن، بەمەش ڕووبەرووی بێكاری و خراپی گوزەران هاتنەوە، ئەوەش لە كاتێكدا بوو خێزانەكان پسوولە خۆراكیان نەبوو، هەروەها لە ڕووی تەندروستییەوە بۆیان نەبوو لە نەخۆشخانە فەرمییەكان چارەسەر وەربگرن، بەڵكو دەبوو سەردانی نەخۆشخانە ئەهلییەكان بكەن(ئازیزی، 2016/9/10 ؛ برۆ، 2016/11/15). ئەنجام كاریگەری خراپی لە ڕووی ئابووری لەسەر خێزانەكان لێكەوتەوە.

جگە لە وانەی ئاماژەیان كرا، ئەو كەسانەی بە هۆی ئەم سەرژمێرییە ڕەگەزنامەیان لێسەندرایەوە بۆیان نەبوو مامەڵە بە كڕین و فرۆشتنی زەوییەوە بكەن و زەوییەكانیان بكەن بە ناوی خۆیانەوە، بەڵكو دەبوو موڵكەكانیان بكەن بەناوی خەڵكی دیكەوە(بدرەدین،2016/9/30؛ حەساف، 2016/12/3). بێ گومان ئەم هەنگاوی بە ناو كردنی موڵكە بە ناوی خەڵكی دیكەوە، كێشە و گرفتی دیێنایە پێشەوە.

لە ڕاستیدا، دەبێت ئەوەش بووترێت لە ئەنجامی ئەو سەرژمێرییە و سەندنەوەی ڕەگەزنامە لێیانەوە، مافی گواستنەوەی لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە بە بێ ڕەزامەندی دەزگای ئەمنییەكان لێ قەدەغە كردوون(مەخموری، 2002، ل 68؛ میرانی، سیاسة التمییز...، 2010، ص43). لە ڕوویكی دیكەوە ئەنجامی سەرژمێرییەكە كوردەكانی بێبەش كردبوون لە بەكارهێنانی كلتور و زمانی خۆیان، لە بەشداریكردن لە سەندیكا و دامەزراوە مەدەنییەكاندا، ئەوە سەرباری ئەوەی ڕێگری لێدەكردن كە لە ناو ڕیزەكانی سوپادا خزمەت بكەن. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەشەوە مافی بەدەستهێنانی پاسپۆرت و سەفەركردنیان نەبوو (احصاء الحسكة، 2011/4/1؛ بدرەدین، 2016/9/30).

وەك ئاشكرایە ئەنجام و لێكەوتەكانی ئەو سەرژمێرییە، تاوەكو ئێستاكە كاریگەیان بەسەر كوردانی ڕۆژئاوایی كوردستانەوە هەیە، بە جۆرێك گیرۆدەی كردوون، دەیان كۆسپ و تەگەرەی بۆ دروستكردن. لەبەر ئەوەی یاساكانی دەوڵەتی سوریا بوونەتە لەمپەر لە بەردەم ئەو كوردە بێ ڕەگەزنامانە و ناتوانن لە دامودەزگاكانی دەوڵەتدا كارەكانیان ڕاپی بكەن (بدرالدین، غرب كردستان، 1998، ص ص103 -104؛ فلمز،2000، ص26). لەم چوارچێوەیەشدا، بەشێك لەم كوردانەی ڕەگەزنامەیان لێسەندرایەوە، تەنیا پارچە كاغەزێكیان پێدراوە كە لەسەری نووسراوە: "ناوبراو لە تۆمارەكانی عەرەبی سوری پارێزگای حەسەكە بەهۆی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢ ناوی تۆمار نەكراوە، ....، ئەو نوسراوە تۆماركردنەی پێدراوە، كە هاتووە لە تۆماری بیانییەكانی ئەو پارێزگایە تۆماركراون، ئەو بەڵگەنامە بۆ گەشتكردن و دەرەوە وڵات نابێت" (ڕەشكینی، 2003، ل11).

ئەنجام و كاریگەرییەكانی ئەو سەرژمێرییە لە ڕووی سیاسییەوە بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە ڕۆژئاوای كوردستان دیارە، لە كاتێكدا لەم قۆناغە بە دواوە یەكێك لە داواكارییە سەرەكییەكان گەڕانەوەی مافی ڕەگەزنامە بوو بۆ كوردەكان. لەم بارەیەوە یەكێك لە توێژەرە ئەكادیمییەكان پێی وایە ئەو هەنگاوەی دەسەڵاتدارانی سوریا بۆ ئەو بووە تا سەقفی داواكاری كوردەكان لە گەڕاندنەوەی مافی ڕەگەزنامە زیاتر بەرزنەبێتەوە و لە چوارچێوەیەكی بەرتەسكدا بمێنێتەوە (حصاف، 2016/12/3). دەبێت ئەوهش بووترێت ئەم كردەوەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی سوریا، لە نێوبردنی دووەمین نەتەوە بوو لەو وڵاتەدا، كە بەشێوەیەكی شەرعی و یاسای ئەنجامدراوە بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ پرەنسیپێك، بەمەش لە ئەنجامدا كۆمەڵێك دیفاكتۆی وەك دەرهاوێشتە لێكەوتۆتەوە و ژیان و گوزەرانی كوردانی ناوچەكەی خستۆتە دژواری و ناهەموارییەوە، چونكە بەم هۆیەوە بێبەشبوون لە مافی كاركردن لە دامودەزگانی دەوڵەت، بێبەشبوون لە سوود وەرگرتن لە قەرزی بانكەكان، بێبەشبوون لە مافە مەدەنییە دەستوورییەكان وەك خۆ كاندیدكردن و بەشداریكردن لە پرۆسە هەڵبژاردن. (میراني، سیاسة التمییز...، 2010، ص 42؛ احصاء الحسكة، 2011/4/1).

لە لایەكی دیكەوە ئامانجی دەسەڵاتدارانی سوری لەم سەرژمێرییە و لێكەوتەكانی بەسەر دانیشتوانی پارێزگای حەسەكە، ڕێگریكردن بوو لە چالاكییە سیاسییەكان، ئەگەر بزانیین لەو دەمەدا چالاكی سیاسی بەرچاو لە ناوچەكەدا بە دی دەكرا و پێوەندییەكی بە هێزە لەگەڵ ناوچەكانی باشووری كوردستاندا بوونی هەبووە، بەمەش لەم ڕێگایەوە توانیویەتی ترس و تۆقاندن لە ناوچەكەدا بڵاو بكاتەوە و كاریگەری بكاتە سەر جموجۆڵ و چالاكی كوردەكانەوە (بدرالدین، 2016/9/30).

كۆی ئەوانەی ئاماژەیان بۆ كرا، زەمینەسازی بوو لەبەردەم دەستكراوەیی دەزگا ئەمنییەكان، تا لە هەركاتێك و بە هەر پاساوێك بیانەوێت دەست بخەنە كاروباریانەوە بێ ئەوەی بۆ یاسا بگەڕێنەوە، ئەمەش لە دواتردا ڕێگا خۆشكەربوو بۆ دەستگرتن بەسەر

زەوی جوتیارانی کورد و هێنانی هۆزە عەرەبەکان بۆ ناوچەکە و نیشتەجێ کردنیان (قاسم، 2007/10/16). ئەنجام لە ژێر کاریگەری ئەم سەرژمێرییەدا بەشێکی زۆری کوردەکان ناچاربوون زێدی باب و باپیرانیان جێ بهێڵن و کۆچ بکەن بۆ دەرەوە وڵات. بەمەش بەشێکیان ڕوویان کردە وڵاتی لوبنان و بەشەکەی دیکەیان ڕوویان کردە وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا(ماکداول،2000، ص 44؛ جريدة ميديا، 2002/3/5؛ بدرالدين، 2016/9/30).

هاتنە پێشەوەی ئەم بارودۆخەی ئاماژەی بۆ کرا، وای کردووە لە هەندێك کاتدا بەرپرسانی سوریا لە ڕێگای وەرگرتنی بەرتیل و پارەیەکی زۆرەوە ڕەگەزنامەیان داوەتەوە بە هەندێك لە کوردانی پارێزگای حەسەکە. بەمەش لە بەرانبەر پێدانی ڕەگەزنامە 250 هەزار بۆ 300 هەزار لیرەی سوریان وەرگرتووە، ئەمە لە کاتێکدابوو کە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا خانووێك لە پارێزگای حەسەکە بە 50 هەزار لیرە بووە (ئازیزی، 2016/9/10).

**ئەنجام:**

1. لە دوای سەردەمی سەربەخۆی سوریا ساڵی 1946، بیری عەرەبچێیەتی لە سوریا پەرە دەستێنێت و لەم پێناوەشدا دەسەڵاتداران هەموو هەنگاوێکیان گرتۆبەر و بە پێویستیان زانیوە.
2. لەگەڵ ئەوەی ناوەڕاستی پەنجاکان جۆرێك لە کرانەوە و تاڕادەیەك ڕەوشێکی دیموکراتی لە سوریا هاتۆتە پێشەوە، بەڵام ئەو بارودۆخە ئەوەندە درێژەی نەکێشاوە، ئەگەر بزانیین سەردەمی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ترس و تۆقاندن سەری هەڵداوەتەوە.
3. دەسەڵاتدارانی سوریا لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم بەرانبەر بە ناوچە کوردییەکان ڕێوشوێنی یاسایی و دەستوورییان بەکارهێناوە، لەم چوارچێوەیەشدا هەڵساون بە داتاشینی برگەی یاسایی وەك چۆن خۆیان پێیان باشبووە و پێویستیان پێیەتی بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە چۆنیان بووێت یاسا دەربکەن و بەسەر ناوچە کوردییەکان جێبەجێ بکەن.
4. سەرژمێری پارێزگای حەسەکە، هەڵقولاوی بیرێکی شۆڤێنزیمی عەرەبی بووە لە سوریا، کە تێدا مەبەستی سەرەکی نەهێشتنی مورکی کوردایەتی ناوچەکە بووە، بۆ ئەمەش لە چوارچێوەی بەڕێوەچوونی سەرژمێرییەکەدا ژمارەیەکی بەرچاوی لە کوردەکان لە ڕەگەزنامەی سوری بێبەشکردووە، دواتریش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو ژمارەیە زیادی کردووە.
5. مەترسی دەسەڵاتدارانی سوریا لە گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و باشووری کوردستان، ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕۆژئاوای کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و پارێزگای حەسەکە بە تایبەتی، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە بوو، چونکە ناوچەکە ستراتیژی و سەر سنوور بوو، جگە لەوەش هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان شۆڕشگێڕانی حەسەکە و شۆڕشی ئەیلولدا هەبوو. ئەوە سەرباری ئەوەی ناوچەکە لە ڕووی ئابووریشەوە دەوڵەمەند بوو، قورسایی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ناوچەکەدا بوو.
6. دەسەڵاتدارانی سوریا لە ڕێگای ئەو هەنگاوە دەرفەتی کارکردنیان لە ناوچەکەدا بەر تەسککردۆتەوە و ئەو مەبەستەشیان پێکاوە کە خەڵکی ناوچەکە لە ژێر هێلی هۆشیاریدا بێلنەوە. ئەوە سەرباری ئەوەی هەنگاوەکانیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە درز و کەلێنێکی زۆری لە نێو خێزانە کوردەکان دروستکردووە، ناوچەکەیان لە ژێر هێلی هەژاریدا هێشتۆتەوە.
7. سەرژمێری پارێزگای حەسەکە، کاریگەری و دەرهاوێشتەی زۆر بەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، ڕۆشنبیری، لێکەوتەوە، لەم سۆنگەشەوە کوردێکی زۆر لە ناوچەکە زەرەمەند بوون و تەنانەت هەندێکیان ناچاربوون لە ناوچەکە کۆچ بکەن.
8. لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەنجامەکانی پرۆسەکە و بەردەوامی سیاسەت و ڕێوشوێنە کارگێڕییەکانی دەسەڵاتدارانی سوریا، ژمارەیەکی بەرچاو لە عەرەبی هاورد هێنران و لە زێدی کوردان نیشتەجێکران، ئەوەش مەبەست و ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتدارانی سوریا بوو.

## پەراوێزەکان

(1) شوكری قوەتلی، ناوی تەواوی شوکری کوڕی عەبدولغەنی قوەتلییە، لە 21ی تشرینی یەکەمی 1891 لە دایکبووە. ناوبراو دووجار بووە بە سەرۆك کۆماری سوریا، یەکەمیان ماوەی نێوان ساڵانی 1946 – 1949، دووەمیان ماوەی ساڵانی نێوان 1955 – 1958. قوەتلی ساڵی 1967 کۆچی دوایی کردووە. (ئەحمەد، 2012، ل 24).

(2) زەعیم حوسنی زەعیم، ناوی تەواوی حوسنی کوڕی شێخ ڕەزا کوڕی محەمەد کوڕی یوسف زەعیمە، ساڵی 1897 لە دایکبووە، لە سەردەمی عوسمانییەکان ئەکادیمیای جەنگی ئیستەنبوولی تەواو کردووە، لەگەڵ هاتنی فرەنسییەکان پێوەندیان پێوەدەکات، بەمەش لەسەردەمی ئینتداب بووە بە کۆلۆنیل، دواتر لەسەردەمی شوکری قوەتلی بووە بەسەرۆکی ئەرکانی سوپا. حوسنی زەعیم لە 31ی ماتی 1949 کودەتایەکی سەربازی ئەنجامدا و ماوەی 136 ڕۆژ وەك سەرۆك کۆمار فەرمانڕەوایەتی کرد، 14ی ئابی 1949 لە لایەن سەرهەنگ سامی حەناوی لادرا. دواتریش دادگایی کرا و لە سێدارە درا (سعدي، 1998، ص ص 204 – 205).

(3) سامی حەناوی، ناوی تەواوی محەمەد سامی حیلمی حەناوییە، ساڵی 1898 لە شاری ئیدلب لە سوریا لە دایکبووە. ناوبراو لە خوێندنگای دار موعەلەمین لە دیمەشق خوێندوویەتی و دواتریش چۆتە خوێندنگای سەربازی لە ئیستەنبوول، لە تەك سوپای عوسمانی بەشداری چەندین شەڕی کرووە، ساڵی 1918 چۆتە خوێندنگای جەنگی و تێدا خوێندنی تەواو کردووە. حەناوی بە پلەی مولازمی دووەم لە سەنجەقی ئەسکەندەروونە کاری کردووە و ساڵی 1948 پلەی سەربازی بەرزبۆتەوە، بۆتە سەرهەنگ. 14ی ئابی 1948 کودەتایەکی ئەنجامدا و دواتریش ساڵی 1950 کۆچی دوایی دەکات. (سامي الحناوي، http://www.yabeyrouth.com/5194).

(4) ئەدیب شیشەکەلی، ساڵی 1909 لە شاری حەما دایکبووە. بەشداری لە شۆڕشی گەورە ساڵی 1925 و شەڕی ڕزگاری لەگەڵ فرەنسییەکان ساڵی 1945 کردووە. ساڵی 1951 بۆتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا، ساڵی 1953 بۆتە سەرۆك کۆمار تا 1954 بەردەوام بووە. لە 27ی ئەیلوولی 1964 بە دەست یەکێك لە دروزییەکان کوژراوە. (الصويركي، 2006، ص ص 92 – 93؛ ميراني، الحركة القومية...، 2004، ص90).

(5) موحسن بەزاری، بە ڕەچەڵەك کورد ساڵی 1904 لە حەما لە دایکبووە، ناوبراو یەکێکە لە دیارترین کەسایەتییە یاساییەکان و مامۆستای زانکۆ بووە لە زانکۆی دیمەشق. بەزاری لە سەردەمی حوسنی زەعیم بووە بە سەرۆك وەزیران، بەڵام لە ئەنجامی کودەتاکەی سامی حەناوی دەستبەرکراوە و لە 14 ی ئابی 1949 لە سێدارە دراوە (الصويركي، 2006، ص ص 576 – 577).

(6) عەبدولحەمید سەراج، ساڵی 1925 لە حەما لە دایکبووە، لە سەردەمی کۆماری عەرەبی یەکگرتووە وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی دەزگای لێکۆڵینەوە و هەواڵگری سوپا بووە لە بەشی باکووردا، ناوبراو ساڵی 1961 دەست لە کارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە جەمال عەبدولناسر کردووە بە هۆی دامەزراندنی وەك جێگری سەرۆك کۆمار (گيلاني، 1990، ص 146).

(7) پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا، لە 14ی حوزەیرانی 1957 لەسەر دەستی نیشتماپەروەرانی کورد وەك پێویستییەکی قۆناغەکەدا دامەزراوە. بەمەش ئەگەرچی لە دواتر تووشی دوو کەرتبوون هاتووە، بەڵام لەسەر شانۆی ڕووداوەکان ڕۆڵی دیاری بینوە (بدرالدين، صلاح بدرالدين يتذكر،2011، ص ص27 – 36؛ ميراني، 2009، ص ص 40 – 96).

(8) نازم قودسی ساڵی 1905 لە حەلەب لە دایکبووە، یاسای لە دیمەشق خوێندووە. پارتی گەلی لە سوریا دامەزراندووە. لە 14ی کانوونی یەکەمی 1961 تا 8ی مارتی 1963 بووە بە سەرۆك کۆماری سوریا. ساڵی 1997 لە ئەردەن کۆچی دوایی کردووە (ناظم القدسي، https:// ar.wikipedia.org/ wik).

(9) بەشیر عوزمە، ساڵی 1910 لە دیمەشق لە دایکبووە، پسپۆری پزیشکی لە سوریا و پاریس خوێندووە. لە سەردەمی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بووە بە وەزیری تەندروستی، دواتریش لە سەردەمی سەرۆکایەتی نازم قودسی بووە بە سەرۆك وەزیران. ساڵی 1992 کۆچی دوایی کردووە (بشير العظمة، https://ar.wikipedia.org/wiki).

(10) بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ بڕگەکانی ئەو فەرمانە بڕوانە: (بدرالدين، غرب كردستان...، 1998، ص ص186 – 204).

(11) محەمەد تەڵەب هیلال ساڵی ١٩٦١ بە پلەی ملازمی یەکەم دەرچووە، دواتر پلەی سەربازی گەیشتووەتە سەرهەنگ، ماوەیەک ئەندامی فەرمادەیی هەرێمی حزبی بەعس بووە، جگە لەمەش چەندین پۆستی دیکەی حکومی وەرگرتووە لە وانە: جێگیری سەرۆک وەزیران، وەزیری کشتوکاڵ ساڵی ١٩٧٠، وەزیری پیشەسازی ساڵی ١٩٧١، باڵیۆزی سوریا لە پۆلۆنیا 1972 -1979، ناوبراو 9ی شوباتی ٢٠١١ لە تەمەنی ٨٠ ساڵی کۆچی دواییکردووە (محمد طلب هلال، 2011، ص6؛ برو، http://all4syria.info/Archive/53030).

(12) مەکتوم قەید دەستەواژەیەکی کارگێڕی سوری بوو، بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرا کە ناویان لە هیچ تۆمارێکی فەرمی حکومەتی سوریادا نەبوو، لە هەموو مافێکی هاونیشتمانی بێ بەشبوون(موقع القناة الجزيرة، إحصاء الحسكة 1962، 2016/11/10).

(13) تۆفیق نیزامەدین ساڵی 1914 لە دایکبووە، ساڵی 1932 پێوەندی بە کۆلێژی سەربازی کردووە، ساڵی 1945 بەشداریکردووە لە کردەی جیاکردنەوەی سوپای سوری لە سوپای فەرەنسی. ساڵی 1947 بۆتە سەرۆکی هۆبەی سێ لە ئەرکانی گشتی دیمەشق. ساڵی 1954 بەشدار لە کودەتای دژ بە ئەدیب شیشەکلی کردووە. ناوبراو ساڵی 1956 بۆتە سەرۆکی دیوان.(تشييع جثمان،1998/12/31).

(14) عەبدولباقی نیزامەدین، ساڵی 1899 لە ماردین لە دایکبووە، لە سوریا نیشتەجێ بووە. ناوبراو ڕۆڵی کاریگەری بینیوە لە ژیانی سیاسی لە دژی فەرنسییەکان و لە باڵی نیشتمانیدا بووە (حصاف، سياسة الحكومات، 2013، ص 463).

## سەرچاوەكان

**یەكەم: كتێب**

**أ- بە زمانی كوردی**


1. ئەحمەد، بژار عوسمان، **بارودۆخی سیاسی كوردستانی سوریا لە ماوەی ساڵانی 1920 – 1973**، هەولێر، (چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، 2012).
2. بەدرەدین، سەلاح، **بزووتنەوەی نەتەوەی كورد لە سوریا تێڕوانینێكی نەتەوەیی لە ناوەوە**، (بێ شوێنی چاپ، 2003).
3. سمایل، عوسمان عەبدولڕەحمان، **كورد لە سوریا 1920 - 1946**، چاپی یەكەم، دەزگای موكریانی،(دهۆك، چاپخانەی خانێ، 2009).
4. شێخ سدیق، **پاكتاوكردنی رەگەزی كورد لە مێژوودا**، چاپی یەكەم،(هەولێر، بێ ساڵی چاپ).
5. فۆكارۆ، ئێلیدا، **كوردانی سوریا لە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا**، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: هەڵۆ بەرزنجی، (سلێمانی، دەزگای پەخشی حەمدی، 2012).
6. قاسملو، عەبدولرەحمان، **كوردستان و كورد لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی و ئابوری**، وەرگێڕانی: عەبدوڵلا حەسەن زادە، چاپی دووەم،(هەولێر، چاپخانەی منارە، 2006).
7. گوڵ، مارف عومەر، **جینۆسایدی گەلی كورد**، چاپی یەكەم، (هەولێر، دەزگای ئاراس، 2005).
8. لازاریف و ئەوانی تر، **مێژووی كوردستان**، وەرگێڕانی: وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، چاپی سێیەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2012).
9. مەخمووری، غەفوور، **بەعەرەبكردنی كوردستان(بەعەرەبكردن – مەترسییەكانی - بەرەنگاربوونەوەی)**، چاپی یەكەم، (هەولێر، چاپخانەی دارا، ٢٠٠٢).
10. مونتگومری، هێریەت، **كوردی سوریا بوونێكی نكۆڵی لێكراو**، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مینەو پێشەوا، چاپی یەكەم، (سلێمانی، چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٩).
11. نەبەز، جەمال، **كوردستان و شۆڕشەكەی**، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: كوردۆ، چاپی یەكەم، (سوید، چاپەمەنی ئازاد،١٩٨٥).
12. هێكمان، م. شترۆهمایەر و ل. یالچین، **كورد لە سوریا و ئازەربێجان و ئەرمەنستان**، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ڕێبوار تۆفیق بەنگینە، (سلێمانی، دەزگای پەخشی حەمدی، 2011).
13. وانلی، عیسمەت شەریف، **دۆزا كوردی ل سوریێ**، وەرگێڕانی: موسەدەق تۆڤی، چاپا ئێكێ، (دهۆك، چاپخانا زانكۆیا دهۆك، 2009).


**ب- بە زمانی عەرەبی**


1. بدرالدين، صلاح، **صلاح بدرالدين يتذكر**، (بيروت، 2011).
2. بدرالدين، صلاح، **غرب كردستان(دراسة تاريخة سياسة وثقافية موجز)**، الطبعة الاولى، (برلين، منشورات رابطة كاوه، ١٩٩٨).
3. جواد، سعد ناجي، **الاقلية الكردية في سوريا**، جامعة بغداد، (بغداد، ١٩٨٨).
4. سعدي، سعد، **معجم الشرق الاوسط**، (بيروت، دار الجيل،1998).
5. الصويركي، محمد علي، **معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي و العصر الحديث في كردستان و خارجها**، (السليمانية، مطبعة مؤسسة للطباعة والنشر، 2005).
6. العدول واخرون، جاسم محمد حسن، **تاريخ الوطن العربى المعاصر**، الطبعة الاولى، (الموصل، ١٩٨٦).
7. علي، ازاد احمد، **الحزام (العربي) في الجزيرة السورية أكبر تغيير ديموغرافي في الشرق الاوسط**، (دون مكان الطبع، مركز رووداو للدراسات، 2015).
8. عوني، درية، **عرب و اكراد خصام ام وئام**، (دون مكان الطبع، دار الهلال، دون سنة الطبع).
9. غفور، عبدالله، **التشكيلات الادارية فى غربي كردستان**، الطعبة الاولى، (دهوك، مطبعة جامعة دهوك، 2010).
10. گەيلاني، راشد، **مذكرات گيلاني**، (دمشق، دار مجلة الثقافة، 1990).
11. مجيدو، برزان، **الحزام العربى في الجزيرة – سوريا "مقدمة، تنفيذ، نتائج"**، الطبعة الاولى، (دون مكان طبع، ٢٠٠٣).
12. معوض، أديب، **الاكراد في لبنان و سوريا**، تقديم: فلك الدين كاكەيي، الطبعة الثانية، (اربيل، دار اراس للطباعة والنشر، 2010).
13. ملا احمد، محمد، **القضية الكورية في سوريا**، الطبعة الاولى، (برلين، منشورات مجلة هاڤيبون للدراسات الكرديه، ٢٠٠١).
14. ملا احمد، محمد، **صفحات من تاريخ حركة التحرر الوطني في سورية**، الطبعة الاولى، (اربيل، منشورات رابطة كاوه، ٢٠٠١).
15. ملا، جواد، **كردستان و الكرد وطن مقسم و امة بلا دولة**، الطبعة الثانية، (لندن، دار الحكمة، ٢٠٠٠).
16. الموصلي، منذر، **عرب و اكراد رؤية عربية للقضية الكردية**، الطباعة الثانية، (دمشق، ١٩٩١).
17. ميراني، علي صالح، **سياسة التمييز القومي و حملات التعريب الحكومة في كوردستان-سوريا ٧ اب ١٩٢٨ - ٥ تشرين الاول ٢٠٠٨**، اعداد ومراجعة : الدكتور عبدالفتاح البوتاني، الطبعة الاولى، (دهوك، مطبعة جامعة دهوک، ٢٠١٠).
18. ميراني، علي صالح، **الحركة القومية الكوردية في كوردستان-سوريا**، الطبعة الاولى، (اربيل، مطبعة وزارة التربية، ٢٠٠٤).
19. هلال، محمد طلب، **دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي السياسية – الاجتماعية - القومية**، (اربيل، منشورات رابطة كاوا، 2001).
20. وانلي، عصمت شريف، **المسالة الكردية في سوريا**، (دون مكان الطبع، ١٩٦٨).


**ج- بە ڕێنووسی لاتینی**


1. Hassaf. Ismail, Derdê Gel Roman – Benda, (Hewlêr, Wazareti Roşinbiri u Lawan, Çapxaney Roşnbiri, 2011).


**دووەم: دیمانە**

1. دیمانەیەك لەگەڵ **ئازیزی، برادۆست**، هەولێر، 2016/9/10. برادۆست ئازیزی ساڵی 1983 لە ناوچەی دربێسێ لە پارێزگای حەسەكە لە دایكبووە، ساڵی 2004 بەهۆی بەشدارییكردن لە خۆپیشاندانەكانی زانكۆی دیمەشق لە لایەن دەسەڵاتدارانی سوریا لێكۆڵینەوە لەگەڵ كراوە، بۆیە لەو كاتەوە ڕۆژئاوای كوردستانی جێهیشتووە و، لە باشووری كوردستان نیشتەجێ بووە.
2. دیمانەیەك لەگەڵ **بدرالدین، صلاح**، هەولێر، 2016/9/30. سەلاح بەدرەدین 11ی مارتی 1945 لە قامشلو لە دایكبووە، هەرزوو پێوەندی بە ڕێكخستنەكانی پارتی دیموكراتی كورد كردووە. ناوبراو بەهۆی دەستگیركردنی لە خوێندنی كۆلێژی ماف لە زانكۆ دیمەشق دابراوە. ناوبراو لە دەمی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری پارێزگای حەسەكە بەرپرسی لیژنەی مەحەلی خوێندكارانی بووە لە خوێندنگانی جەزیرە سەر بە پارتی دیموكراتی كورد. ساڵی 1966 بە دواوە بەشێكی زۆر ژیانی لە خەباتی نهێنی و ئاوارەی لە لیبیا و تونس و باشووری كوردستان و ئەڵمانیا بەسەر بردووە. ساڵی 1965 تا 2003 یەكێك بووە لە سەركردە دیارەكانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە ڕۆژئاوای كوردستان. ئێستاكە بە كاری تایبەتی خۆییەوە خەریكە و لە مەسیف سەلاحەدین نیشتەجێیە.
3. دیمانەیەك لەگەڵ **برۆ، ئیبراهیم خەلیل**، هەولێر، 2016/11/15. ئیبراهیم خەلیل برۆ، ساڵی 1965 لە باژێڕی عامودا لە پارێزگای حەسەكە لە دایكبووە، ئێستا سكرتێری پارتی یەكێتی كورد لە سوریا و سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردییە لە سوریا.
4. دیمانەیەك لەگەڵ **حاجۆ، كامەران**، هەولێر، 2016/11/20. كامیران حاجۆ، ساڵی 1959 لە تربەسپێی 30 كم لە ڕۆژهەڵاتی قامشلو لە دایكبووە، ئێستاكە ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستانی سوریا، بەرپرسی كۆمیتەی پەیوەندییەكانی دەرەوە ئەنجوومەنی كورد لە سوریا، بەرپرسی ڕێكخستنی ئەوروپای پارتی دیموكراتی كوردستانی سوریا.
5. دیمانەیەك لەگەڵ **حصاف**، د.**إسماعیل**، هەولێر، 2016/12/3. **د.إسماعیل حصاف** ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی گرسۆر لە ناحیەی عامۆدا سەر بە قەزای قامیشلۆ لە پارێزگای حەسەكە لە دایكبووە، لە تەمەنی پانزە ساڵی هاتۆتە ڕێزی بزووتنەوەی كوردی و سكرتێری پارتی پێشەنگی كوردستانی سووریایە. ئێستا مامۆستایە لە بەشی مێژووی كۆلێژی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاحەددین، لە هەولێر نیشەتەجێیە.

**سێیەم: نامەی زانكۆیی**

**أ- بەزمانی كوردی**

1. ڕەشكینی، فەرهەنگ موزەفەر، **بزاڤی ڕۆژنامەنووسی كوردی لە سوریا**، نامەی ماستەر بڵاونەكراوە، (هەولێر، زانكۆی سەلاحەددین كۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٣).

**ب- بە زمانی ڕووسی**

1. Хассаф Исмаил Мохаммед Исмаилов Мухаммед, Курдский вопрос в Международных отношениях после второй войны, Дессертация на соискание научной степени кандидата исторических наук, который входит в состав академию советских знаний в институте ближнего востока, но еще не опубликованный, (М.1985).

**چوارەم: توێژینەوەی ئەكادیمی**

1. حصاف، د. اسماعیل محمد، **سیاسة الاستعمار الفرنسي تجاه الكورد في سوریا خلال فترة الانتداب (1920 – 1946)**، گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان، زمارە 20،(هەولێر، 2016).
2. حصاف، د. اسماعیل محمد، **عوامل وظروف تأسیس الحزب الدیمقراطي الكوردی في سوریا (البارتي) عام 1957**، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (31)، (هەولێر، 2014).
3. حصاف، د. اسماعیل محمد، **الصراع داخل الپارتي الدیمقراطي الكوردي في سوریا (1960 – 1975)**، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (29)، (هەولێر، 2014).
4. حصاف، د. اسماعیل محمد، **سیاسة الحكومات السوریة تجاه المسألة الكوردیة في سوریا 1958 – 1975** (في ضوء تطور الاحداث في جنوب كوردستان)، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (25)، (هەولێر، 2013).

**پێنجەم: گۆڤار**

**أ- بە زمانی كوردی**

1. حاجۆ، سیامند، **كوردستانی سوریا**، گۆڤاری هاڤیبون، ژمارە(١١)، (كوردستان، هاڤینا ١٩٩٧).
2. ڕێناس، **دامەزراندنی دەوڵەتی سوری و كێشەی كورد لە سوریا**، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە: خانی شەڕەفكەندی، گۆڤاری هیوا، ژمارە(٧)، (پاریس - پاییزی١٩٩٠).

**ب- بە زمانی عەرەبی**

1. تسابولوف، ر.ل.، **دراسة وثائیقیة علمیة حول الاكراد**، ترجمة: عن الروسیة: مزگین میقري، مجلة الاتحاد، العدد(٣١)، (برلین، تموز ١٩٩٠).
2. فلمز، محمد خیر، **دوافع المشروع السوري من المرسوم التشریعي رقم ٩٣ لعام ١٩٦٢**، مجلة هڤگرتن، العدد، (٣٢ -٣٣)، (برلین، تشرین الاول- كانون الثاني، ٢٠٠٠).
3. ماكداول، دیڤید. اكراد لبنان، مجلة اجراس، العدد(14)، (سوریا، 2002).

**شەشەم: ڕۆژنامە**

**أ- بە زمانی كوردی**

1. ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە (٤٩٩)، (کانوونی یەکەمی ١٩٦٧).
2. ڕۆژنامەی میدیا، ئۆرگانی پارتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، ژمارە (٥٨)، (هەولێر، 1/ 1/ 2000).

**ب- به زمانی عەرەبی**

1. جريدة الجبهة (بەرە)، العدد(١٨)، (تشرين الثاني ٢٠٠٢).
2. جريدة الوحدة، لسان للجنة المركزية للحزب الاتحاد الديمقراطي الكردي في سوريا (يەكێتی)، العدد(١٠٧)، (ايار ٢٠٠٢).
3. جريدة صوت الاكراد، لسان حال اللجنة المركزية للحزب الديمقراطي الكردي في سوريا (الپارتي)، العدد(٢٧٥)، (ايلول ١٩٩٧).
4. جريدة ميديا، العدد (118)، (اربيل، 2002/3/5).

**حەفتەم: سەرچاوەی ئەلکترۆنی**

1. **بشير العظمة**، (https://ar.wikipedia.org/wiki). (تأريخ زيارة الباحث 2016/10/15)
2. **سامي الحناوي**، (http://www.yabeyrouth.com/5194). (تأريخ زيارة الباحث 2016/11/25).
3. **ناظم القدسي**، (https://ar.wikipedia.org/wiki) (تأريخ زيارة الباحث 2016/10/15)
4. **احصاء الحكسة 1962**،(www.aljazeera.net/news/arabic/2011/4/1)، (تأريخ زيارة الباحث 2016/11/22).
5. **الاكراد فى سوريا**،(www.aljzeera.net/news/reportsandinerviews/2011/4/3)، (تأريخ زيارة الباحث 2016/11/22).
6. برو، المحامي حسن، **الحزام العربي دراسة سياسية قانونية**،(2012/9/1)،(all4syria/archive/53030). (تأريخ زيارة الباحث 2016/11/22).
7. زكزك، سوسن، **أكراد سورية، 1962 - 2011 أو حين استخدم الإنتماء العرقي كسبب للحرمان من الجنسية (2015/12/30)** (legal-agenda.com/article.php?id=1359) (تأريخ زيارة الباحث 2016/11/25).
8. غريبو، **احصاء 1962م بسوريا وفق لائحة حقوق الإنسان العالمية**، (2009/9/25)، (http://www.hekar.net/modules.php?name=News&file=print&sid=3487) (تأريخ زيارة الباحث 2016/10/15).
9. فيلي، رياض جاسم محمد، المرسوم رقم 93 لسنة 1962 فى سوريا و نظيره في العراق وجهان لعملة واحدة(2007/8/23)، (http://www.gilgamish.org/viewarticle.php?id=articles-20070823-3381). (تأريخ زيارة الباحث 2016/11/22).
10. قاسم، محمد، **حول اسباب احصاء 1962 الاستثنائي فى الجزيرة**، (2007/10/16)، (www.grenc.com/show_article_main.cfm?id=9209)، (تأريخ زيارة الباحث 2016/11/22).
11. لووخان، **تعريب غرب كوردستان سياسية ممنهجة منذ تأسيس الدولة سوريا** 1، (2013/1/11)، (kulilk.com/portal/node/31158)، (تأريخ زيارة الباحث 2016/11/22).
12. لووخان، **تعريب غرب كوردستان سياسية ممنهجة منذ تأسيس الدولة سوريا** 2، (2013/1/15)، (kulilk.com/portal/node/31239)، (تأريخ زيارة الباحث 2016/11/22).
13. توفيق نظام الدين،(تشييع جثمان اللواء توفيق نظام الدين في ديمشق)،(1998/12/31)، (http://daharchives.alhayat.com/issue_archive/Hayat)، (تأريخ زيارة الباحث 2016/11/22).

**ملخص**

إن لإجراء دراسة علمية حول الإحصاء الإستثنائي لمحافظة الحسكة عام 1962 في غرب كوردستان وتحديد أسبابه ونتائجه أهميته الخاصة، لأن هذه العملية حدث مهم ومؤثر في هذا الجزء من كوردستان، فنتيجة لهذا الإحصاء قامت الحكومة السورية بسحب الجنسية من عدد كثير من الكورد. وجدير بالذكر أن هناك من تطرقوا إلى هذه الإحصائية هنا وهناك، لكن لم يتم تناول هذا الموضوع المهم في بحث أكاديمي متخصص، وهذا السبب يعد من أهم أسباب اختيار هذا العنوان.

ولا شك أن موضوعا كهذا يواجه الكثير من المشاكل والمعوقات، كقلة المصادر والوثائق المتعلقة به، ولكن على الرغم من هذا، ومن خلال ملاحظة وتدقيق المعلومات التى حصلنا عليها من المصادر وتحليلها تمكننا من إجراء هذا البحث، وهو يتكون من مقدمة وثلاثة مباحث، ونتائج، كالأتي:

1- في المبحث الأول تمت الإشارة إلى سياسة الحكومة السورية مع المناطق الكردية في غرب كردستان لا سيما بعد استقلال سوريا عام 1946 إلى يوم إجراء عملية الإحصاء لمحافظة حسكة عام 1962.

2- هذا المبحث خاص بالحديث عن كيفية ولادة فكرة إجراء الإحصائية وكيفية إدارتها مع أهم القرارات والتوصيات التى أُصدِرَتْ لهذا الغرض.

3- في المبحث الثالث تطرقنا إلى أهم نتائج وتأثيرات هذا الإحصاء على كافة النواحي.

وفي النهاية خُتِمَ البحث بالنتائج التي توصل اليها الباحث.

**Abstract**

Having scientific research about the census of the Hasaka governorate in western Kurdistan in 1962 and explaining its reason and aims is important. That event was an important one in that part of Kurdistan. As a result of the census a large number of the Kurds were stripped off their Syrian citizenship card. There is information from different sources about the census, but it has not been discussed in a scientific research. That is the main reason behind choosing this topic.

Needless to say, a researcher faces difficulties and problems as he/ she conducts such a kind of research, like lacking sources and documents of the government of Syria during that time. But by trying hard, the research was successfully finished. The research is in three chapters and an introduction.

First, it talks about the policy of the Syrian government during that time against the Kurdish areas, especially after the independence of 1946 and the census of Hasaka in 1962.

Second, this part is about thinking of the process and the way it was implemented. It talks about the recommendations and decisions done during the process.

Third, it discusses the result and the impact of the census. It has been talked about from different perspectives.

Finally, the result is seen clearly in the conclusion.